ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# تێرۆریزمی فیکری

ژان سێڤیلیا

لێدوانی تیۆریک

وەرگێڕانی: ئەستێل ئینسایت



# تێرۆریزمی فیکری

## ژان سێڤیلیا

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

لێدوانی تیۆریک

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

ژان سێڤیلیا، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی فەڕانسی، لە ساڵی 2000 کتێبێکی بەناوی "تێرۆریزمی فیکری: لە 1945ـەوە تا سەردەمی ئەمڕۆ" نووسی بۆ شیکردنەوەی ئەو مێکانیزمەی کە لە دووای شەڕی جیهانی دووەم چەپی فەڕانسە لە ناوەندی گشتی و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر گرتوویانەتەبەر. ناوبراو پێی وایە کە دووای شکستی نازیزم لەسەردەستی بلۆکی چەپ و ستالین (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی)، ئەمە چەپەکانی هاندا بۆ دابەشکردنی دەوروبەری خۆیان بەسەر "**چاک و خراپ**"دا. بەو مانایەی لایەنی براوە مافی ئەوەی بە خۆیدا کە خۆی وەک بەرەی چاک پێناسە بکات. ناوبراو دەڵێت: «(لای ئەوان) هەر شتێک کە چەپ نەبێت فاشیستە.»[1] سێڤیلیا ئەوەش زیاد دەکات کە: « بەڕادەی پێویست باسی خراپییەکانی نازیزم کراوە بەڵام باسی خراپییەکانی کۆمۆنیزم (و چەپ) ئێجگار کەم بووە؛ کە ئەمەش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئاکامەکانی دووای شەڕی دووەم.»[2]

ئەمەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە پێشەکییەکی کورتی کتێبەکەی ژان سێڤیلیایە.

## تێرۆریزمی فیکری (ئەو وشانەی کە دەکوژن)

وا چەند دەیەیەکە بەردەوامە. لە پاریس، چەند کەسێک تۆنەکان دیاری دەکەن، لە تەلەفزیۆنەکانەوە دەدوێن. وتار دەنووسن، کتێب دەنووسن، لە تریبۆنەکانەوە وانە دەڵێنەوە. لە کۆنفرانسەکاندا قسە دەکەن. بانگەوازنامە واژۆ دەکەن. پێکەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆن: گۆرانییەکەی ژاک برێل: بەڕێز ئێمە بیردەکەینەوە، ئێمە بیر بۆ ئەوانی تر دەکەینەوە.[3]

ئەوان هەموو ئایدیالۆژییەکانیان قبوڵ کردووە. لە ساڵی 1945دەیانوت یەکێتی سۆڤیەت بەهەشتە و شیعریان بۆ نووسی. لە ساڵی 1960 بانگەشەی ئەوەیان کرد کە دیکۆلۆنیاڵیزم وەک موعجیزەیەک کێشەی خەڵکانی دەرەوە چارەسەر دەکات. لە 1965، ئەوان ڕێزیان لە خەباتی دادپەروەرانەی فیدێل کاسترۆ، هۆشێ مین و مائۆ گرت. لە ساڵی 1968، ڕایانگەیاند کە دڵخۆشی بریتییە لە سڕینەوە هەموو سنورداریێتییەک. لە 1975 ئەوکاتەی پۆل پۆت (Pol Pot) لە کامبۆج دەسەڵاتی گرتە دەست، دڵخۆشییان دەربڕی. لە ساڵی 1981 ئەوان پێیان وابوو کە تاریکیی شەو تەواو دەبێت و دەچینە نێو ڕۆشنایی. لە ساڵی 1985 باسی ئەوەیان دەکرد کە فەڕانسا دەبێت توندوتۆڵی سنوورەکانی لاببات تا پێشوازی لە لێقەوماوانی جیهان بکات. لە ساڵی 1992، دڵنیایی ئەوەیان دەدا کە چیتر سەردەمی **دەوڵەت-نەتەوە** تەواو بووە و گرێبەستی ماستریخت، سەردەمێکی نوێی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا درووست کردووە. لە ساڵی 1999، وتیان کە **خێزان** و **ئەخلاق** دوو بابەتی بەسەرچوون.

عەقڵەکانی تر هاوکات ئەوەیان دەزانی کە ستالین، مائۆ و پۆل پۆت، ڕێبەرایەتی ڕژێمێکی تاوانبار دەکەن، ئەم عەقڵانە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەفسانەی پچڕانی شۆڕشگێرانە، کارەساتی لێکەوتۆتەوە. بەبیریان دەهێنایەنەوە کە **نەتەوە**، **نەریت**، **کەلتوور** و **ئایینەکان** بە سەرەقەڵەمێک ناسڕدرێتەوە، بەڵام خۆیان لەبەرامبەر ڕەخنەگراندا، گەردوونێکی بچووک (میکرۆکۆسم)یان لە پاریس بۆ ماوەی پەنجا ساڵ درووستکرد بۆ بەگەڕخستنی مێکانیزمێک؛ ئەم مێکانیزمە تێرۆریزمی فیکرییە.

ئەمە سیستمێکی تۆتالیتێرە، سیستمێکی ڕقاوی، دووڕوو، بە ئامانجی لەناوبردنی دەنگی دژ و جیاواز؛ و دەبێتە گیانەوەرێک بۆ کەوڵکردن. کەوڵکردن بێ خوێن: تەنیا بە وشەکان، بە قسە خۆشەکانی کەسانی خاوەن ویژدانە گەورەکان، ئەو وشانەی دەکوژن.

هەلومەرجەکە دەگۆڕێت، بەڵام پرۆسەکە یەکسانە. بەرلەهەموو شتێک دەیانهەوێت ئارکیتایپێک لە "**خراپە**" لە خەیاڵدانی وڵاتدا هەڵکۆڵن. لەسەردەمی شەڕی دووەمەوە، ئەم کەسایەتییە بە شێوەیەکی کارەساتبار کراوە بە **فاشیست**، **سەرمایەدار**، **ئێمپێریاڵیست**، **کۆلۆنیاڵیست**، **دژە-بیانی**، **ڕەیسیست** و **پارتیزانی ڕێکخستەی** (نەزمی) **ئەخلاقی**. ئەم مۆرک و لەیبڵانە لە باشترین حاڵەتدا ڕاستییەکان بەلارێدا دەبەن، لە خراپترین حاڵەتدا درۆ دەکەن. ئەم مۆرکانە کە بە شارەزایی پێکەوە نووسێنراون، مانایەکی ناڕوون لەخۆ دەگرن کە سەرنجڕاکێشییەکەیان ڕێگە خۆش دەکات هەر شتێک وا ئایدیالۆگەکان سەرکۆنەی دەکەن، لە خۆ بگرێت. دوواتر ئەم تەکنیکە لەبەردەم ئارکیتایپی **خراپەدا** دوژمن درووست دەکات. کاریگەری ئەم تێکەڵوپێکەڵکردنە چاوترسێن کردنە: بۆ نموونە کێ هەیە ڕیسکی ئەوە قبوڵ بکات پێی بڵێن **فاشیست** یان **نەژادپەرست**؟ دەکرێت تۆمەتەکە ڕاشکاو بێت، یان بەڕووپۆشکراوی بەکاربهێنرێت و دەرگای دادگایی بەسەر مەبەستەکەدا بکاتەوە: هەر کەسێک کە جیاواز بیربکاتەوە، نەک لەبەر بیرکردنەوەکەی، **بەڵکوو بەهۆی ئەوەی پێیەوە دەلکێنن**، دەکرێت بخرێتە بەر هێرش. ئەم دابەشکارییەی **چاک** و **خراپەیە**[4]، ناچاری درووست دەکات: لۆژیکێکی تر دەکەوێتە ڕێ: **شەیتانسازی**. هیچ باس و پرسیارێک بۆ بەڵگاندن نامێنێتەوە جیا لە: بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن، هەستی شەرمەزارکردن لەلای خەڵک، لە گرنگیخستن.

تێرۆریزمی فیکری سیستمێک درووست دەکات، بەڵام سیستمێکی پەرتەوازە، فرەڕەهەند و ناجێگیر. نە پێویست بە دۆزینەوەی پلانێک لە پشتیەوە هەیە و نە مایسترۆیەکی نهێنی. لەلایەکی دیکەشەوە تێرۆریزمی فیکری بەرگری لە بابەتێکی دیاریکراو ناکات و بەرژوەندی هاوشێوەی نییە. ئەم ئامێرە پشت بە هاودەستی بیروباوەڕ (دۆکترین) و تۆڕی پەیوەندیی نەوە جیاوازەکان دەبەستێت. ئەمە ئامێرێکی کوێرە.

ئەمڕۆ بەلاڕێدابردنی بیرکردنەوەیەکی تایبەت یان بابەتی کۆرێکت پۆلیتیک (Political Correctness) بووەتە بابەتێکی ئاسایی و هەموو کەس دەتوانێت چی پێخۆشە بیخاتە پاڵ ئەم بابەتانە. بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی بیبینین دەبێت فاکتەکان و کاردانەوەی ئەوان بخەینەڕوو. ئەم گێڕانەوە مێژووییە لەنێوان مێژووی ڕووداوەکان و مێژووی ئایدیاکاندا ڕوو دەدات؛ ئەم کتێبە دەیهەوێت پێداچوونەوە بە ڕەوتی تێرۆریزمی فیکری لە ساڵی 1945ـەوە بکات و بیخاتەوە چوارچێوەی خۆی. سیاسەت بە مانا کلاسیکەکەی، واتە بابەت و پرسی تایبەت بە مرۆڤ وەک گیاندارێکی کۆمەڵایەتی. ئەمە بەو مانایە نییە کە دەتوانین بە چەمکی تێرۆریزمی فیکری مێژووی سیاسی فەڕانسا ڕوون بکەینەوە. ئامانجەکە ئەوەیە نیشانی بدەین کە ئەم دیاردەیە ڕێگەی لە کام پرسیاری بنەڕەتی کۆمەڵگا گرتبوو، یان هێشتا ڕێگری لێ دەکات.

ڕووماڵی هەموو بابەتەکان مەحاڵە. قۆناخ بە قۆناخ ساتە بنەڕەتییەکان و ئەو قۆناخە گرژانەی کە تێیدا هەستی فەڕانسییەکان بەریەکتر دەکەوتن، لەناو کتێبەکەدا هاتوون. مێژوو، هونەر، ئەدەبیات، زانست و ئێکۆلۆژی، لەلایەن تێرۆریزمی فیکرییەوە ڕاو کراون، بەڵام دەبێت هەرکامیان بەجیا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لـەم بـەرهـەمـەدا گـەڕاوینەتـەوە بۆ گـوتـەی کـەسـایەتییەکـان: دەسـتەبـژێر، نـووسـەر یان ڕۆژنامەنووس؛ دەبێت بەرپرسیاریەتی بۆچوونە گشتییەکانی خۆیان هەڵبگرن، بەڵام کەسەکان گـرنـگ نین، ئـایدیاکـان گـرنـگن، چـونـکە ئـایدیاکـان ڕێبەرایەتی جیهان دەکەن. لـەم بـوارەشـدا، کرۆنۆلۆژی زۆر گرنگە: زۆر لەو کەسایەتییانە، دە بۆ بیست ساڵە بۆچوونیان گۆڕاوە و ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت ڕەنگە هەندێکیان لە 2010 تا 2020 لەو وتانە پەشیمان ببنەوە کە ساڵانی نەوەدەکان خستووبوویانەڕوو.

لـەبـەرئـەوەی لـەبـواری ڕۆشنبیری و فیکریدا هـەژمـوونی هـەیە، چـەپ بە سەختی خۆی لـەسـەر کورسی پرسیار (ی دادگا)دا دەبینێتەوە. بـەڵام لـەم حـاڵـەتـە تـایبـەتـەدا دەبینین کـە یاسا بێتاوان نییە.

---

سەرچاوە:

Le terrorisme intellectuel de 1945 à nos jours, Jean Sévillia, Parin, 2000, p9/13.

1 https://www.jeansevillia.com/2023/10/13/le-terrorisme-intellectuel-vise-a-eliminer-le-debat-en-delegitimant-ladversaire/

2 شایانی باسە ساڵیٚ 2023 ژان سیڤیلیا، کتێبێکی دیکەی بڵاوکردەوە بۆ شیکردنەوەی زیاتری ئەم مێکانیزمە بەناوی "عادەتە نوێیەکانی تێرۆریزمی فیکری“.

3 ئاماژە بە گۆرانی Ces gens-là بەرهەمی گۆرانیبێژی ناودار، ژاک برێل.

4 Manichaeism